کابینەی نۆ دەستکەوتەکانی لە پڕۆژە و هەلی کار بڵاوکردەوە و هەڵەبجە ڕەتی دەکاتەوە

حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان لە نوێترین ئاماریدا سەبارت بە دەستکەوتەکانی کابینەی نۆ، ڕایگەیاند، "لەم کابینەیەدا مۆڵەتی کارکردن بە 786 کارگەی پیشەسازی دراوە کە 13 هەزار و 199 هەلی کاریان ڕەخساندووە".

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، کاوە عەلی، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە، بۆ میدیای ڕایگەیاند، "هیچ پڕۆژەیەکی ستراتیژی نەچووە باری جێبەجێکردنەوە لە پارێزگای هەڵەبجەدا لە ماوەی چوار ساڵی ئەم حکومەتەدا".

ئەمەش لەدوای ئەوەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە لە ماوەی چوار ساڵی کابینەی نۆ 133 پڕۆژەی ستراتیژی لە هەڵەبجە جێبەجێکراون.